# چەند تیشکێک لەسەر ڕۆڵی عایشەلەڕوداو مل ملانێکانی ئیسلامدا

# بەشی سێیەم

ع.ق. بەختیار

## عومەری کوڕی خەتاب کێ کوشتی؟ چۆن کوژرا؟

ڕۆژێک (مخیر بن شەعبە) دەیت بۆ لای عومەری کوری خەتاب کە حاکمی یەکێک لەوولایەتەکانی نێوان دوو ڕووبار بوو بەشێکی وولایەتەکەی لەنێو خاکی ئێران دابوو،دێتە مەدینەهەتاوە کوو دەنگوباسی وولایەتەکەی بۆ عومەر باس بکات و فەرمانیشی لێوەر بگرێت،یەکێک دەبێت لەباوڕپێکراوانی عومەر،کاتێک هاتەمەدینەیەکێک لە خولامەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو بەناوی (ابولوئلو)دوای چەند کاتژمێرێک لە دانیشتنی مخەیرەبن شەعبە و عومەر لەماڵی عومەر، (ابولوئلو) بەعومەر دەڵێت دەمەوێت هەندیک قسەت لەگەڵ بکەم کە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە دەمەوێت دوو بەدوو قسەبکەین ،عومەر دەڵی دەتەوێت بڵێی چی ؟دەڵێت ئەو هۆکارانەی کەبوو بە سەرکەوتنی تۆ لە ماوەیەکی کەمدا چەندین ناوچەی فراوان بخەیتە ژێر ڕکێفی سوپای ئیسلام ئەوە بوو کەئەوخەڵکانەی کەدادەنرا بۆ حوکمرانی زوڵمیان لەخەڵکی نەدەکرد ،عومەر وتی دیارەزوڵمت لێکراوە؟(ابولوئلو)بەڵێ لەلایەن عەرەبێکەوە زوڵمم لێکراوە، عومەر پرسی کێیە؟وتی ناوی (موخیرەبن شەعبە)عومەر وتی ئەوەمەولای تۆیە؟وتی بەڵێ مەولامە بەڵام داوام هەیە لە سەری،خەلیفە لێی دەپرسێت نان و ئاوت ناداتێ؟ئازارت دەدات؟ (ابولوئلو) نا ئەوە نیە،مەولام منی سەربەست کردووەلە دوای خزمەتیی خۆی خەریکی ئیش و کاری کۆنی خۆم بم ،عومەر وتی ئیشت چیە؟ نەجاڕی بووە ،مسگەریش دەزانم، شارەزایشم لەکلیل سازیدا هەیە،عەمەر دەپرسێت لەم سێکارەکامیان زیاتر شارەزایت ؟دەڵێت لەهەرسێکیان شارەزایم هەیە، عومەر وتی فەرموو بزانم شکاتەکەت چیە؟شکاتەکەم ئەوەیە مەولام داوای (100 ) درهەم نوقرەم لێدەکات لە مانگێکدا .عومەر لێی دەپرسێت ئێستەچیت دەوێت ؟ (ابولوئلو)وتی تۆ خەلیفەی خەڵک بەگوێت دەکات بە مەولام بڵێ ئەم مەبلەخەزۆرەمن دەتوانم تەنها (10) درهەم بدەم عومەر وتی من ناتوانم حوکمی وابدەم لەنێوان (100 درهەم بۆ 10)درهەم جیاوازی زۆرە سبەینێ مەولات دێت بۆلام لەسەر ئەو مەسەلە لێکۆڵین دەکەم ،ڕۆژی دوای( موخەیرە) هاتەوە بۆ ماڵی عومەر ،عومەر وتی خولامەکەت شکاتی هەیەلەسەرت دەڵێت (100)درهەم نوقرەم بۆ نادرێت زۆرە،(موخەیرە) وتی (ابولوئلو) سنعات کاریکی باشەجگە لە دارتاشی و مسگەری و کلیل سازی شارەزایەکی باشیشی هەیە لە دروسکردنی ئاشی بادا ، لەنێون عێراق وئێراندا کەس نیە شانبدات لە شانی بۆیە(100) درهەم نوقرە زۆر کەمە بۆ (ابولوئلو) هەر لە دوای تەواو بونی کۆبونەوەی لەگەڵ (موخەیرەدا) ابولوئلو دیتە وەبۆ لای عومەر لێی دەپرسێت چی بوو؟ عومەر دەڵێت مەولات دەڵێت (100)درهەم نوقرە زۆر ئاسانەبۆ ابولوئلو ،ابولوئلو وتی ئەی خەلیفە تۆ بەمخیرە ت وت مەن ئەو (100 )درهەمەی کەدەی دەم باحیسابی بکات بۆ کڕینەوەی خۆم ؟عومەر وتی من ناتوانم حوکمی وا بدەم بە مەولات بڵێم ئەو برەی کەدەتداتێ بۆ کڕینەوەی خۆی بت داتێ، کاتێک نرخەکەی خۆتت داوە ئازادت بکات، ابولوئلو دەڵێت عومەر ئەمەی تۆ دەیڵێت لایەنگیریە لەستەم ، ابولوئلو وتی باشە با من ئازاد بم کارم چیتر پێنەکات لای خۆی تەنها لە سنعەتەکەی خۆم کار بکەم ، عومەر وتی من ناتوانم بڕیاری وابدەم جونکە مەولات بۆ کار کردن تۆی کڕیوە، ابولوئلو وتی باشەبە مەولام بڵێ با کاری پیشە سازیم پێنەکات تەنها لەی خۆی کار بکەم ، عومەر وتی من ناتوانم دەست بخەمە کاری مەولاتەوە،ابولوئلو وتی کەواتەهەتا ماوم دەبیت کار بکەم بێ ئەوەی حیساب بکرێت

بۆ کرینەوەی خۆم ،عومەر دەڵێت تۆ دەبێت لەمەولای خۆت فەرمان وەرگریت. ابولوئلو وتی عومەر من بیستومە کە تۆ کابرایەکی عەدالەتیت بەلام ئەوەتا بۆم دەر کەوت کەوا نیەتۆ دەبوایەلێکۆلینت بکردایە بتزانیایە من دەتوانم (100 )درهەم بدەم ؟ عومەر وتی هەموو کەس دەزانێت کەسنعات چییەکی وەک تۆ (100 ) درهەم زۆر نیە بۆی،عومەر دووبارەی دەکاتەوەدەڵێت ابولوئلو ئێستا دەتوانیت لە مەدینەدا ئاشی با دابنێیت ؟ ابولوئلو وتی بەڵی خەلیفە دەبێت ئاشێک دابنێم هەتا ئاخر رۆژی جیهان ئارد بهاڕێت ،ئەمەی وتوو چووە دەرەوەابولوئلو ،عومەر بەئەهلیماڵەکەی گووت ئەم کابرایە هەڕەشەی کوشتنی لێکردم،ابولوئلو فارس بوو دیلی جەنگ بوو کاتێک دابەش دەکرێن موخەیربن شەعبەهەڵی دەگرێتەوەبەبەپارەیەکی کەم دەی کڕێتەوە ، ئەو ئاشەی کەابولوئلو داینا هەتاوەکوو ئەم ڕۆش لەکاردایەو بەرداشەکانی هەر لەنوێ بونەوە دایە، ڕۆژێک ابولوئلو فرسەت دەهێنێت لەکاتی نوێژ کردندا لەمزگەوت عومەر پێش نوێژی بۆ جەماعەت دەکات لە ڕیز دەر دەچێت عومەر بەر خنجەر دەدات شەش خنجەرلەعومەر دەدات ،()ڕۆژ دەمێنێتەوە بەبریناری عومەر ،هەر لەمزگەوتدا ابولوئلو دەکوژنەوە،عایشە دێت بۆ لای عومەر پێی دەڵێت بیستوومەچەند کەسێکت دەست نیشان کردووەبۆ خەلیفە لەدوای خۆت ناوی عەلی ت لە پێش هەموویان هێناوە،عومەر دەڵیت بەڵی چونکە کەسێکی شیاوە،عایش وتی ئەگەر عەلی ببێتەخەلیفە پیاوانی هاشمی زاڵ دەبن بەسەر عەرەبستان و هەموو وولاتانی ئیسلامدا ،عومەر وتی عەلی پیاوێک نیە بەهۆی خەلافەتی خۆیەوە پیاوانی هۆزی هاشم زاڵ بکات بەسەر ئیسلام دا ،عەلی کەسێکی بەتوانایە دەتوانێت یەکسانی لە نێوان موسڵمانانداپەیڕەو بکات،عایشەوتی ئەی بیری منت نەبوو ؟عومەر دەڵێت چۆن تۆم لەبیر کردوە ؟ئەوەنیە مانگی (180)هەزار درهەم لەبیت المال وەر دەگریت ، لەژیانێکی زۆر خۆشدا دەژیت، عایشە دەڵیت بەڵام عەلی ببێت بەخەلیفە مووچەکەم دەبڕیت، عومەر وتی علی کاری واناکات مووچەی دایکی موسوڵمانان ببڕێت ،عایشەداوا لەعومەر دەکات (عوسمانی کوڕی عەفان) زۆر شیاو ترە ببێتەخەلیفەداوا دەکەم ناوی عوسمان بخەیتەپێش عەلی وە، ،عومەر لە قسەکردن دەکەوێت و کۆتای بەخەلافەتی عومەر دێت،لە داوای مردنی عومەر (تەلحە) دەچێت بۆ لای عایشە دەڵێت دایکی موسوڵمانان تۆ خیرەتت قبۆلی ئەوە دەکات مەجووسیەک خەلیفە بکوژێ و ئێمەهەروا دابنیشین ؟عایشەدەڵیت دەتەوێت بڵێی هێرش بکرێتە سەر مەجووسیەکان ؟تەلحەوتی بەڵێ چونکە هەر مەجووسیەکانی مەدینە هانی ابولوئلو یان داوە خەلیفە بکوژێت،تەلحە لەگەڵ کۆمەڵیک عەرەبی مەدینەدەکەونەکوشتنی ئەو مەجووسیانەی کەلەمەدینەدا دەژیان یەکێک لەوانەی کوشتیان لەتۆڵەی عومەر دکتۆرێکی مەجووسی بوو ناوی (مئبد) دەبێت لە مەدینە دا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی عومەر لەمردن ڕزگار بکات ، بەوەشەوە نەوەستان دەست درێژیان کردە سەر ئەو مەجووسیانەی کەموسلمان بوبوون ، عەلی بەم کوشتارەی تەلحەزۆر دڵگران بوو کۆمەڵێکی زۆری مەجوسی لەکوشتن ڕزگار کرد بەتایبەتی ئەو مەجوسیانەی کەچووبوونە بیت المال خۆیان حەشاردا بوو، لەدەست تەلحە و پیاوەکانی ،،،،،،،،،ماویەتیی

**تێبینیی،**

بۆ خوێنەرانی بەڕیزی ئەم بابەتەکەبەچەند بەشێک هەوڵ دەدەم بڵاوی بکەمەوە، دڵنیاتان دەکەمەوەکەلەگەڵ بەشی کۆتای دا سەرچاوەکانی ئەم بابەتەکەخۆم لەقەرەی داوەبۆتان دەست نیشان دەکەم،

لەگەڵ ئەوپەڕی داوای لێبوردنم لەهەر کەموو کوڕیەکی لەهەڵەی ڕێزمانەوانی یاخود ئیملایی ،،بەختیار